IRAQ- KURDISTAN
PARLIAMENT
**Kurdistan-Hawler**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

کوردستان ـ هەولێر

No:
Date:

ژمارە:
بەروار: ٢٠١٥/٢/٢٤

## بۆ بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

## بابەت/ پرۆژە یاسای (ڕێگری لە زیادەڕۆیی)

**سڵاو و ڕێز...**

بەڕێزان ئێمە بەژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران کە لەخوارەوە واژۆمان کردووە داوا دەکەین **پرۆژە یاسای (ڕێگری لە زیادەڕۆیی)** بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان تا گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و پەرلەمان پەسەندی بکات.

| ژمارە | ناوی پەرلەمانتار | واژۆ |
|---|---|---|
| ١- | عمر عنایت حمە سعید | ٢٠١٥/٢/٢٤ [signature] |
| ٢- | [illegible] توفیق معروف | ٢٠١٥/٢/٢٤ [signature] |
| ٣- | بێستون فائق | [signature] |
| ٤- | قارەمان قادر فتاح | [signature] |
| ٥- | عزیز مصطفی حمە خان | ٢٠١٥/٢/٢٤ [signature] |
| ٦- | [illegible] | ٢٠١٥/٢/٢٤ [signature] |
| ٧- | بێگەرد دلشاد شکرالله | [signature] |
| ٨- | عباس فتاح | [signature] |
| ٩- | [illegible] | |
| ١٠- | د. سراج شیخ احمد جلالی | [signature] |
| ١١- | علی علی صالح | [signature] |
| ١٢- | [illegible] | [signature] |
| ١٣- | | |
| ١٤- | | |
| ١٥- | | |
| ١٦- | | |
| ١٧- | | |
| ١٨ | | |

پرۆژە یاسای ڕێگری لە زیادەڕۆیی

ژمارە: (  )

لە : (  )

بەندی یەکەم:

دەستەواژەکان

مەبەست لەم وشە و دەستەواژانەی خوارەوە لەم یاسایەدا واتاکانی بەرامبەریانە

١- دەوڵەت: کۆماری عێراقی فیدراڵ

٢- هەرێم: هەرێمی کوردستان - عێراق

٣- ئەنجومەن: ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

٤- سەرۆکی یەکەی کارگێڕی: پارێزگار، قائیمەقام، بەڕێوەبەری ناحیەی ئەو شارە یان شارۆچکەیە کە زیادە ڕۆییەکە لە سنورە ئیداریەکەیدا کراوە

٥- شارەوانی: سەرۆکایەتی شارەوانی ئەو شارە یان شارۆچکەیەی کە زیادەڕۆییەکە لە سنوری شارەوانیەکەیدا کراوە.

٦- دادگا: دادگای ڕێگری لە زیادەڕۆیی

٧- دادوەر: دادوەری ڕێگری لە زیادەڕۆیی

٨- زیادەڕۆ: دروستکردنی خانوو، بینا، شوراکردن، جیاکردنەوەی زەوی، بەکارهێنانی زەوی بۆ کشتوکاڵ یان باخ لەسەر زەوی شارەوانی یان زەوی هەر وەزارەت و دامودەزگایەکی دەوڵەت، هەڵکەندنی زەوی، گۆڕینی ڕێڕەوی جادە، بەکارهێنانی جادە و شۆستە و باخچە و پارك و گۆڕەپان و شوێنە گشتیەکان بە شێوەی کاتی یان بەردەوام، بەبێ مۆڵەتی لایەنی پەیوەندیدار

٩- زیادەڕۆکار: ئەو کەسەی بە بێ مۆڵەتی شارەوانی یان لایەنی پەیوەندیدار، زیادەڕۆیی ئەکات

بەندی دوەم:-

ئەم هەڵسوکەوتانەی خوارەوە بە زیادەڕۆیی ئەژماردەکرێت (یعد التصرفات ادناه تجاوزا) لەسەر زەوی و زاری دەوڵەت و شارەوانی ئەگەر مۆڵەتی یاسییان نەبێت لە شارەوانی یان لایەنە پەیوەندیدارەکان.

١-زەوتکردن و بەکارهێنان و دەستبەسەراگرتنی بیناکانی دەوڵەت،

٢-دروستکردنی بینا بەهەموو جۆرەکانیەوە ئەگەر لەگەڵ ماستەر پلاندا بێتەوە یان نەیەتەوە

٣-زەوتکردنی زەوی، بەشێک لە زەوی، گۆڕینی ڕەگەزی زەوی، بەکارهێنان و دەستبەسەراگرتنی زەوی، گۆڕینی بەکارهێنانی زەوی، هەڵکەندنی زەوی، گۆڕینی ڕێچکەی ئاوی سەر زەوی، گۆڕینی ڕێڕەوی هاتووچۆ، هەر کارێک لەسەر هەر زەویەك کە کار بکاتە سەر مافی زەویە هاوسێکانی و هەر هەڵسوکەوتێک زیان بە زەوی و موڵکی شارەوانی یان دەوڵەت بگەیەنێ.

٣- شوراکردنی زەوی بەردەلان، لەوەڕگا، دارستان، کشتوکاڵی

٤- فرۆشتنی، بەخشین، بەکرێدان، یان هەرجۆرە هەڵسوکەوتێک بە زەوی و زاری سنوری شارەوانی یا دەرەوەی شارەوانی بە مەبەستی، کشتوکاڵ، دروستکردنی باخ، گەشت و گوزار، نیشتەجێ، بازرگانی یان بۆ هەر مەبەستێکی دی.

٥-بەکارهێنانی ئەو زەویە کشتوکاڵیانەی موڵکی دەوڵەتن یان موڵکی شارەوانین بۆ مەبەستی تایبەت و جیاکردنەوەی(افراز کردنی) و پارچە پارچەکردن و فرۆشتنی بەدەر لە یاسا کارپێکراوەکان، بەکرێدانی، فرۆشتن و بەکرێدانی زەوی لەوەڕگا و بەردەلان و دارستان، بە مەبەستی دروستکردنی خانوی نیشتەجێ، بینای بازرگانی، پرۆژەی گەشت و گوزار یان هەر مەبەستێکی دی.

٦-بەکارهێنانی گشت یان بەشێک لە:-جادە، شۆستە، گۆڕەپان، باخچە، پارك، یان هەر شوێنێکی گشتی بە شێوەی کاتی یان بەردەوام بۆ بەرژەوەندی تایبەت

بەندی سێهەم:-

شارەوانی هەڵدەستێت بە چاودێری ئەو زەوی و شوێنە گشتیانەی کە موڵکی شارەوانین یان موڵکی دەوڵەتن و دیاری کردن و مۆرکردنی هەر زیادەڕۆییەك یان شوێنێکی گشتی لە سنوری شارەوانیەکاندا ڕودەدات بە پێی بەندی دوهەم لەم یاسایە و ئاگادار (انذار) کردنی زیادەڕۆکەر ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگای موختارەکانی ناوچەکەوە یان بەهۆی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی بینراو، بیسراو یان هەر هۆکارێکی دی، بە لابردنی زیادەڕۆکەر لە ماوەی ٢٤ کاژێردا و ئاگادارکردنی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بە جۆر و شوێنی زیادەڕۆکە، پێویستە لەسەر سەرۆکی یەکەی کارگێڕی فەرمانبدات بە لابردنی زیادەڕۆکە لە ماوەی ٤٨ کاژێردا بە

هەماهەنگی لەگەڵ شارەوانی پەیوەندیدار، ئامادەکردنی پاریزوانی پێویست(الحمایه اللازمه) بۆ ئەو کارمەند و ئامێرانەی هەڵدەستن بە لابردنی زیادەڕۆکە.

بەندی چوارەم:-

وەزارەتەکان و ئەو دەستە و دامەزراوە و دەزگایانەی کە پەیوەستنین بە وەزارەتەوە چاودێری ئەو زەویانە دەکەن کە موڵکی خۆیانن و لە دەرەوەی سنوری شارەوانیەکانە، ئاگاداری سەرۆکی یەکەی کارگێڕی دەکەن بە هەر زیادەڕۆییەك کە لەسەر زەویەکانیان رویدات، بە مەبەستی لابردنی زیادەڕۆییەکە بە هەمان ڕێکاری کارپێکراو لە بەندی دووی ئەم یاسایەدا، بۆ لابردنی زیادەڕۆیی، سەرۆکی یەکەی کارگێڕی پەنا دەبات بۆ ئامێرەکانی هەر وەزارەتێک لە ناوچەکەدا یان لە دەرەوەی ناوچەکە یان بەکرێگرتنی ئامێر لەکاتی پەیدا نەبوتی ئامێری پێویست.

بەندی پێنجەم:-

لەسەر گشت هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش پێویستە، کە فەرمانەکانی سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان جێبەجێبکەن کە پەیوەندیدارن بە لابردنی زیادەڕۆیی، پێویستە لەسەریان پارێزوانی پێویست ئامادە بکەن بۆ ئەو کارمەند و ئامێرانەی کە زیادەڕۆکە لادەبەن، ڕاستەوخۆ ئەو کەس و کارمەندانە دەسگیر بکەن کە بەرهەڵستی لابردنی زیادەڕۆکە دەکەن یان هەرجۆرە کۆسپ و ئاستەنگێک بۆ لابردنی دروستدەکەن و ڕادەستی دادگای لێکۆڵینەوەیان بکەن.

بەندی شەشەم:-

١- سەرپێچیکار لە حوکمەکانی بەندی ٢ (دوهەمی)ی ئەم یاسایە سزا ئەدرێت بەم سزانەی خوارەوە:-

أ-بەند کردن کە لە (٣) سێ مانگ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت بۆ ئەو زیادەڕۆکارانەی کە سەرپێچی بڕگەی(٥)ی بەندی دوهەمی ئەم یاسایە دەکات.

ب- بەند کردن کە لە (٦) شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە (١٠) دە ساڵ زیاتر نەبێت بۆ ئەو زیادەڕۆکارانەی ک سەرپێچی بڕگەکانی (١،٢،٣،٤)ی بەندی دوهەمی ئەم یاسایە دەکات.

ج-زیادەڕۆکار بە پێی بڕگەی ٦ لە بەندی ٣ ی ئەم یاسایە سزا دەدرێت بە غەرامە کردن بە کەمتر نەبێت لە ٥٠٠٠٠٠ دینار(پێنج سەد هەزار دینار) و زیاتر نەبێت لە ١٠٠٠٠٠٠دینار(یەك ملیۆن دینار) سەرباری لابردنی زیادەڕۆیەکەی لەسەر ئەرکی خۆی.

د-لەکاتی دووبارە کردنەوەی زیادەڕۆیی لەلایەن زیادەڕۆکار بە پێی بڕگەی ٦ لە بەندی دووەمی ئەم یاسایە زیادەڕۆکار بە ٣ مانگ بەندکردن سزادەدرێت، سەرباری غەرامەکردن بە یەك ملیۆن دینار و دەستبەسەراگرتنی گشت کەرەسەو ئامێر و شمەکەکانی.

ە- سزادانی ئەو خاوەن دوکانەی یان ئەو خاوەن موڵکەی کە ڕێگە خۆش ئەکا یان کارئاسانی ئەکا بۆ زیادەڕۆکار بە مەبەستی زیادەڕۆیی لەسەر شۆستە و گۆڕەپان و جادەکانی نزیک دوکانەکانیان، بەهەمان سزا کە لە بڕگەکانی (ج، د) هاتووە

٢- بەند کردن کە لە (٦) شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت بۆ سەرۆك و ئەندامانی لیژنە کە کەمتەرخەمی دەکەن لە بەجێهێنانی ئەرکی سەرشانیان سەبارەت بە ڕێگری لە زیادەڕۆیی و لابردنی، هەروەها ئەم سزایە ئەو کارمەند و بەرپرسانە دەگرێتەوە کە دەستێکەڵاو دەکەن لە گەڵ زیادەڕۆکار یان کارئاسانیان بۆ دەکەن یان ڕێنوێنی بۆ زیادەڕۆکار دەکەن لە دەرەوەی لیژنەکان.

٣- جۆری سزاکە توندتر دەبێت، بە پێی بڕگەکانی (١) و(٢) ئەم بەندە، لەم بارانەی خوارەوەدا:-

أ- ئەگەر زیادەڕۆکار کارمەندی دەوڵەت بوو یان خزمەتی گشتی لە ئەستۆ بوو لە وەك کارمەندی مەدەنی یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان سەربازی(پێشمەرگە) یان بەشداری پرۆسەی زیادەڕۆییەکەی کرد یان ئاسانکاری بۆ کردن.

ب- ئەگەر زیادەڕۆکار خاوەنی نووسینگەی فرۆشتنی خانووبەرە بوو، یان بازرگانی کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانووبەرە بوو، یان دەلاڵی ئەو بوارە بوو هەستا بە ڕێنوێنیی و ئاسانکاری بۆ زیادەڕۆکار، یان تۆماری فرۆشتنی زەویوزار و خانوبەرە لە تۆمارگەی نووسینگەکەیدا یان لە دەرەوەی نووسینگەکەی.

٤- سکالای سزایی تۆمار دەکرێ بە سکالایەك لە داواکاری گشتیەوە یان لە لایەن ئەو کەسەی کە زیانی بەرکەوتوە لە ئەنجامی ئەم تاوانەدا یان بریکارە یاساییەکەی، یان هەر کەسێ زانیاری هەبێت لە ڕودانی تاوانەکە بە پێی یاسای شێوازی دادگاییەکانی سزایی(اصول المحاكمات الجزائية) ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١.

بەندی حەوتەم:-

١- لە هەردوو قۆناغی لێپێچینەوە و دادگایکردندا، نابێت کەسی تۆمەتبار بە زیادڕۆیی ئازاد بکرێ، تا زیادڕۆییەکە لادەبرێ لەسەر ئەرکی زیادڕۆکار.

٢- ئەگەر زیادڕۆکار بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە سزادرا، ئازاد ناکرێت ئەگەر ماوەی بەندکردنەکەی کۆتایی هات، حوکمەکانی ئازادکردنی مەرجدار و سڕکردنی سزا و بەخشینی گشتی و تایبەت و سوککردنی سزا(العفو العام والخاص وتخفيف العقوبة) نایگرێتەوە، ئەگەر زیادڕۆکە لانەبات لەسەر ئەرکی خۆی.

٣- ئەگەر زیادڕۆکار یەکێک لەو تاوانانەی دووبارە کردەوە کە لەم یاسایەدا هاتوە، ئەم سەرپێچیە بە جۆری توند(ظرف مشدد) وەردەگیرێ و لە ئازادکردنی مەرجی و سڕکردنی بەندکردن، هەڵاوێر(استثناء) دەکرێت و بەخشینی گشتی و تایبەت و سووککردنی سزا نایگرێتەوە ، ئەگەر زیادڕۆییەکەش لابدات، ئازاد ناکرێت تا کۆتایی هاتنی ماوەی بەندیەکەی

بەندی هەشتەم:-

نابێت خزمەتگوزاریەکانی (ئاو، ئاوەڕۆ، کارەبا، جادە، انترنێت، ...هتد) بگەیەنرێتە ئەو ناوچەیە یان ئەو بنایە یان ئەو خانوەی بە زیادڕۆ کراوە و حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە و هەر کارمەندێک یان بەرپرسێک لەم ڕووەوە سەرپێچی بکات، سزا دەدرێت بە بەندکردن لە (٦)شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت .

بەندی نۆهەم:-

سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی بەرپرس لە لادانی زیادڕۆ و هاوکارەکانیان لە کامەند و چاودێر و شۆفێر بەرپرسیارێتی هەر زیانێک ئەگەر بە ئەنقەست(عمدا) نەبێ، لە ئەستۆ ناگرن کە توشی ماڵ و موڵکی زیادڕۆکار دەبێت لەکاتی لادانی زیادڕۆییەکە. و دادگاکان هیچ

سکاڵایەك دژی سەرۆك و ئەندامانی لیژنە و سەرۆکی یەکە ئیداریەکان نابینن، ئەکە زیادەرۆکار تۆماری دەکات دەربارەی زیادەرۆکەی

بەندی دەهەم:-

لیژنەکانی لابرنی زیادەڕۆ لە کاتی پێویستدا ئەتوانن داوا لە نزیکترین بنکەی پۆلیس و ئاسایش بکەن بۆ بەکارهێنانی هێز بۆ بەرگری لە هەر بەهەڵستیەك لە کاتی بە جێهێنانی ئەرکەکەیان لە لادانی زیادەڕۆکەدا دێتە پێشیان، پێویستە بەرپرسی پۆلیسی بنکەکە هێزی پێویست ئامادە بکات و بەسەرپەرشتی خۆی یان ئەفسەرێک بیخاتە خزمەت لیژنەکە تا ئەو کاتەی زیادەڕۆکە لادەبرێ و لیژنەکە ئەرکەکەی جێبەجێدەکات، ئەگەر هێزی پێویستی لەبەردەست نەبوو داوا لە بەرپرسی سەرو خۆی دەکات بۆ ئامادەکردنی هێزی پێویست و هەر کەمتەرخەمیەك یان دواکەوتنێک لە ئامادەکردن یان ناردنی هێز بە سەرپێچی لە بەجێهێنانی ئەرکی فەرمی ئەژمار دەکرێت و بە پێی یاسای سزاکانی عێراقی سزا دەدرێت.

بەندی یانزەهەم:-

زیادە رۆکار پێویستە لە ماوەی( ١٥ )پانزە رۆژدا لە بەرواری کاپێکردن بەم یاسایە:

١- ئاگاداری شارەوانی پەیوەندیدار بکات لە شوێن و شێوە و پێکهاتەی زیادەڕۆییەکە ئەگەر لە سنوری شارەوانی بوو.

٢- ئاگاداری سەرۆکی یەکەی کارگێری بکات لە شوێن و شێوە و پێکهاتەی زیادەڕۆکە ئەگەر لە دەرەوەی سنوری شارەوانی بوو.

٣- پێویستە سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی یەکە کارگێریەکان تۆماری ئەو زانیاری و هەواڵانە بکەن لە تۆمارکەی فەرمی بەشی زیادەڕۆیی و لیژنەی پێویست لە لایەنە پەیوەندیدارەکان پێکبهێنن بۆ جێگیرکردنی شێوە و رووبەر و پێکهاتەی زیادەڕۆییەکە لە کۆنوسیی تایبەتدا کە بە پێی برگەکانی (٢،١) پێیان گەیشتوە.

٤- حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئەو زیادەڕۆییانەدا جێبەجێدەکرێت کە ئاگاداری شارەوانی و سەرۆکی یەکەی ئیداری لێنەکراوە لە ماوەی ئاماژە پێکراوی ئەم بەندەدا.

بەندی دوانزەهەم:-

دەسەڵاتی دادوەری هەڵدەستێت بە پێکهێنانی دادگایەک لە ناوەندی پارێزگا و قەزاکاندا دادگایەک بۆ سەیرکردن و بڕیاردان لەسەر زیادەڕۆییەکانی کە بەندەکانی ئەم یاسایە ئەیانگرێتەوە، بە مەبەستی سەپاندنی ئەو سزایانەی کە لە بەندی (٦)ی ئە یاسایەدا هاتووە بە پشتبەستن بە حوکمەکانی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە ٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧لەسەر ئەو بنەمایەی کە ڕێگری لە زیادەڕۆیی لەو ئاریشانەیە کە پێویستی بە پەلەلێکردنە.

بەندی سیانزەهەم:-

پاش ئەوەی ئەم یاسایە کەوتە بواری جێبەجێکردن، هەموو ئەو زیادەڕۆییانە لادەبرێن کە حوکمەکانی بەندی یەکەمی ئەم یاسایە ئەیانگرێتەوە و ئەو زیادەڕۆییانەی پێش کارپێکردنی ئەم یاسایە ڕویداوە بە یاسایەک ڕێک دەخرێ.

بەندی چواردەهەم:-

کار بە هیچ یاسایەک ناکرێت لەگەڵ ئەم یاسایەدا دژ بێت

بەندی پانزەهەم:-

پێویستە وەزیرەکانی ناوخۆ و شارەوانی و گەشت و گوزار ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکەن.

بەندی شانزەهەم:-

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێدەکرێت

هۆیەکانی دەرچواندن:-

بەهۆی باری ئاڵۆزی هەرێمی کوردستان و ڕاگواستنی گوندەکان و تێکچونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و و تێکەڵ بوونی کلتوری گوند لەگەڵ شار و ڕەوی بە کۆمەڵی گوندنشینان بەرەو شارەکان، بەهۆی زیادبونی ژمارەی دانیشتوان بە شێوەیەکی نا ئاسایی و ڕەوی ژمارەیەکی زۆر لە ناوچە جیاجیاکان بە ئاڕاستەی شارەکانی هەرێم، زیادەڕۆیی لەسەر ماڵ و موڵکی گشتی بووەتە دیاردە و سیمای شارستانی شارەکان بەرەو شێواو دەچێ و بۆ سنوردارکردنی ئەم دیاردەیە و بنبڕکردنی تا ئاستی پێویست و پیادە کردنی دادی کۆمەڵایەتی لە دابەشکردنی زەویدا ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

ئامادەکردنی/ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار و سەرۆکی داواکاری گشتی و لیژنەی تۆماری سکاڵای مافی گشتی و ئەندازیار عمر عنایت ئەندامی پارلەمانی کوردستان.